پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە ماڵەوە نوێژی دەکرد کاتێک نەخۆش بوو

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە ماڵەوە نوێژی دەکرد کاتێک نەخۆش بوو، بە دانیشتنەوە نوێژی کرد، وخەڵکانێک لە پشتیەوە بە پێوە نوێژیان کرد، وئاماژەی بۆیان کرد: کە ئەوانیش دابنیشن، وکاتێک نوێژەکە تەواو بوو، فەرمووی: «بەدڵنیاییەوە، ئیمام (پێشنوێژ) بۆئەوە دانراوە بۆئەوەی (خەڵکی) شوێنکەوتووی بن (لە حاڵەت وجووڵەکانی ناو نوێژدا)، بۆیە ئەگەر ڕکوعی برد؛ ئێوەش ڕکوع ببەن، وئەگەر بەرز بوویەوە (لە ڕکوع بردن)؛ ئێوە بەرز بنەوە (لە ڕکوع بردن)، وئەگەر ووتی: (سمع الله لمن حمده)*، ئێوە بڵێن: (ربنا لك الحمد)**، وئەگەر بە دانیشتنەوە نوێژی کرد؛ ئێوەش هەمووتان بە دانیشتنەوە نوێژ (بکەن». *(واتە: خودا ئەوانە دەبیستێت کە حەمد وسوپاس دەکەن)، **(پەروەردگارمان، حەمد وسوپاس بۆ تۆ

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

لەم فەرمودەیەدا هاتووە: ماوەیەک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە دانیشتنەوە نوێژی دەکرد بەهۆی نەخۆشیەوە، وهەروەها ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی سیفەتی شوێنکەوتنی ئیمام (پێشنوێژی) تێدایە لە لایەن نوێژخوێنان لە پشتیەوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنموێنی نوێژخوێنانی کردووە سەبارەت بە حیکمەت لە دانانی ئیمام ئەویش بۆئەوەیە نوێژخوێنان شوێنی بکەون لە حاڵەتەکانی ناو نوێژدا، ونابێت لە هیچ یەکێک لە کردەوە وحاڵەتەکانی ناو نوێژدا پێچەوانەی ئەو بن، بەڵکو دەبێت بە شێوەیەکی ڕێکخراو نوێژخوێنان شوێنی کردەوەکانی ئیمام بکەون، ئەگەر ئیمام تەکبیرەی کرد (ووتی: الله أكبر) بۆ چوونە ناو نوێژ؛ دەبێت نوێژ خوێنانیش تەکبیرە بکەن لە پاش ئەو، وئەگەر نوێژخوێنانی بیرهێنایەوە سەبارەت بەوەی خوای گەورە وەڵامی حەمد وسوپاسکردنی ئەوانە دەداتەوە کە داوای لێدەکەن، واتا ئەگەر ووتی: (سمع الله لمن حمده) واتە: (خوای گەورە ئەوان دەبیستێت کە حەمد وسوپاسی دەکەن)، بۆیە ئێوە حەمد وسوپاسی بکەن ئەمیش بە ووتنی: (ربنا لك الحمد) واتە: (پەروەردگارمان حەمد وسوپاس بۆ)، وئەگەر سوجدەی برد ئێوەش شوێنی بکەون؛ وسوجدە ببەن، وئەگەر بە دانیشتنەوە نوێژی کرد بەهۆی ئەوەی ناتوانێت بە پێوە نوێژ بکات؛ -بۆ جێبەجێکردنی شوێنکەوتن- ئێوەش بە دانیشتنەوە نوێژ بکەن، ئەگەرچیش ئێوە تواناتان هەبوو بە پێوە نوێژ بکەن، عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەخۆش بوو؛ بۆیە بە دانیشتنەوە نوێژی دەکرد، وهاوەڵان گومانیان وابوو کە ئەوان دەبێت بە پێوە نوێژ بکەن چونکە دەتوانن، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئاماژەی بۆیان کرد بەوەی: دابنیشن، وکاتێک نوێژەکە تەواو بوو؛ ڕێنموێنی ئەوەی کردن کە نوێژخوێن نابێت پێچەوانەی ئیمام بێت، بەڵکو دەبێت شوێنی بکەوێت؛ ئەمیش بۆ جێبەجێکردنی شوێنکەوتن بە شێوەیەکی کامڵ، بە شێوەیەک کە دەبێت نوێژخوێن بە دانیشتنەوە نوێژ بکات ئەگەرچیش توانای وەستانی هەبێت؛ ئەمیش بەهۆی ئەوەی ئیمام بە دانیشتنەوە نوێژ دەکات بەهۆی نەتوانینەوە، وئەگەر ئیمام نوێژی بە پێوە دەستپێکرد ئەوا دەبێت نوێژخوێنانیش نوێژ بە پێوە بکەن، بەڵام ئەگەر لە کاتی نوێژەکەدا بەهۆی نەتوانینەوە دانیشت؛ نوێژخوێنان دەبێت نوێژەکەیان بە پێوە تەواو بکەن ودانەنیشتن؛ ئەمیش بە بەڵگەی ئەو فەرمودەیەی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێشنوێژی کرد بۆ ئەبوبەکر وخەڵکی کاتێک تووشی کۆتا نەخۆشی بوو.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6075